# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە: ٦٢ - ٢٠٢٥

گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیی وەرزییە

**سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار**

حەمەسەعید حەسەن

**سەرنووسەر**

پ.د. کاروان عومەر قادر

**بەڕێوەبەری نووسین**

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

**دەستەی نووسەران:**

پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
پ.د. بەختیار سەجادی
پ.د. فەرهاد قادر کەریم
پ.ی.د. ئەحمەد محەمەد مام عوسمان
پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

**دەستەی ڕاوێژکاران:**

پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
پ.د. مارتن ڤان برونسن
پ.د. جەلیلی جەلیل
پ.د. ساڵح ئاکین
پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە    ISSN: ٢٥٢٠ - ٤١٠٦    http;//gov.krd/ka

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

**هەڵەچنی**: دیاکۆ هاشمی و پ. د. دانا ئەحمەد

**ڕێکخەری کاروباری گۆڤار**: ئیمان نەجات

**بەرگ و دیزاین**: ئومێد محەممەد

**ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**:

http://journal.kurdish-academy.dev.krd

**ئیمێڵ**: journal@ka.gov.krd

**موبایل**: ٠٧٥٠٨٣٧٥٥٧٥

**چاپ**: چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢٥

**پێڕست**

**جوانیناسی لە هۆنراوەی منداڵاندا..........................................٥**
کاروان عەلی محەمەد - پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر - پ.ی.د. سالار عوسمان حوسێن

**جوانکاریی واتایی لە شیعرە کوردییەکانی عەبدوڵڵا بەگی (میصباح الدیوان)(ئەدەب)دا.....٢٣**
علی مصطفی توفیق

**کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا......................٣٩**
د.عادل محەممەد کەریم - پ.ی.د.چیایی کمال سعدی

**هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا...............٥٧**
د. حبیب مصطفی ابراهیم - پ.ی.د رضوان شریف صالح

**شەو لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا....................................................٧٣**
پ.ی.د. سروشت جەوهەر حەوێز - پ.ی.د. لقمان ڕەئوف

**بیناسازیی قشڵەی گوێڕ لە سەردەمی عوسمانی.....................................٩١**
م.ی حسین رفیق حسن

**زمانی ڕەنگەکان لە بواری دەروونناسیدا.............................................١١١**
م.ە- م عبدالستار نعمت آلیخانزانکۆی - پ.هـ ـم. کاوە طاهر ظاهر

**(التخطيط الاستراتيجي لإعادة تنظيم البيشمركة في بادينان)...........................١٢٥**
هيام حاجي أحمد

**لمحات من ثقافات العصرين الحجري النحاسي وما قبل الكتابة في الجزيرة السورية.....١٣٧**
أ.د. نعمان جمعة إبراهيم - عمر حسين شريف

**الانعكاسات الاجتماعية لعدم الالتزام بالقوانين المرورية في مدينة أربيل..................١٥٥**
م.م. أميد عبدالمجيد قادر - أ.د. عبدالحميد علي سعيد البرزنجي

**مؤلفات كتبت لسلاطين وملوك الأيوبيين.............................................١٧١**
أ.م د. لولاڤ مصطفى سليم

# هاوسەرگیریی بەسەروەری لە دابونەریتی کۆمەڵگای گوندنشینی کوردستاندا

## (توێژینەوەیەکی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاساییە)

**پ.د. حبیب مصطفی ابراهیم**

بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران،هەرێمی کوردستان، عێراق.
Email: habeeb.ibrahim@soran.edu.iq

**پ.ی.د رضوان شریف صالح**

بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران،هەرێمی کوردستان، عێراق.
Email: rdhwan.salih@soran.edu.iq

**پوختە:**

هاوسەرگیریی بەسەروەری بە باڵادەستی و بڕیاردەریی مێرد لە پێوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد لە چوارچێوەی خێزاندا دەناسرێتەوە. گرنگیی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی پێگەی دابونەریت لە کۆمەڵگای کۆنی کوردیدا لەبارەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە، لە کۆمەڵگایەک کە باوکسالاری بنەمای هزری پێکهێنانی خێزان بووە. بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا کار کراوە بۆ ناساندنی سروشتی پێوەندیی نێوان ژن و مێرد لە ڕوانگەی دابونەریتی ژمارەیەک لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئایا هاوسەرگیریی بەسەروەری لە سەردەمی ساڵانی شەستەکان لەنێو کۆمەڵگای گوندەکانی کوردستاندا هەبووە؟ لەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکاری و میتۆدی مەیدانی. بە تێبینیکردن لە تایبەتمەندییەکانی سروشتیی هاوسەرگیریی بەسەروەری لەبارەی باڵادەستیی پیاو و دۆخی پێگەی ژن و بێبەشبوونی لە مافی خاوەندارێتیی سامان لە ژیانی هاوبەشدا، بۆمان ڕوون بوویەوە کە هاوسەرگیریی بەسەروەری لە کۆمەڵگاکانی عەشیرەتی لە کوردستان هەبووە کە ئەمەش هەڵقوڵاوی کەلتووری باوکسالاری بووە لەو سەردەمەدا.

**وشە سەرەکییەکان:** هاوسەرگیری، کولتوور، دەسەڵات، ماف، ڕێوڕەسمەکان.

## ١. پێشەکی

هاوسەرگیری یەکێکە لە نەریتە هەرە کۆنەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کە ژیانی هاوبەشیی ژن و مێرد ڕێک دەخات بە ئامانجی پێکهێنانی خێزان و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو. بابەتی هاوسەرگیری یەکێکە لەو بابەتانەی کە جێگای سەرنجی پسپۆڕانی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایە ، ئەمەش لەپێناو تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانەی کە ڕوویان داوە لە پێوندیی نێوان ژن و مێرد، هەروەها چۆنیەتیی ڕێکخستنی ژیانیان لە چوارچێوەی یاساکان لەژێر کاریگەریی کولتووری کۆمەڵگادا. هاوسەرگیری لە سەردەمی کۆن لە کۆمەڵگاکاندا بەپێی دابونەریت ئەنجام دەدرا، بەڵام دواتر بە دەرکەوتنی یاسا نووسراوەکان، لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگاکان بەپێی یاسایەکی تایبەت ڕێکخستنی بۆ کرا کە تیایدا ئەرک و مافەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە ژیانی هاوبەشدا دیاری کرا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دابونەریتی کۆمەڵگاکان بە درێژاییی مێژوو ڕۆڵی هەر بەردەوامە لە ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد، بە ڕادەیەک کە دابونەریتیش لە پێگەی یاسایەکی نەنووسراو هەستاوە بە دیاریکردنی هەندێک ئەرک و مافی ژن و مێرد. یەکێک لەو لایەنانەی هاوسەرگیری کە کاریگەری دابونەریتی تێدا دەردەکەوێت بریتییە لە پێوەندیی نێوان ژن و مێرد لە ژیانی خێزانداری کە تیایدا باڵادەستیی پیاو لەم پێوەندییە و بەرپرسیارێتی لە بڕیاردانی نێو خێزاندا دەبینرێت. لە زانستی مێژووی یاسادا بەو جۆرە هاوسەرگیرییەی کە پیاو تیایدا باڵادەستە و مافەکانی زۆرترە لە ژن دەگوترێت: «هاوسەرگیریی بەسەروەری». ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە سەردەمی کۆن باو بووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکانی بواری مێژووی یاسا، پسپۆڕان گرنگییان داوە بە بابەتی هاوسەرگیریی بەسەروەری لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ڕۆمای کۆن ( ٧٥٤ پ.ز-٥٠٩ پ.ز) بە پشتبەستن بە دابونەریت؛ هەر بۆیەش لە سەردەمی ڕۆمانی کۆن کاتێ هاوسەرگیری ئەنجام دەدرا ئەوا بەپێی دابونەریت دەبوایە لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیریدا باڵادەستیی پیاو بەسەر هاوسەریدا گوزارشت بکرێت (9-Michèle cité in Latina, 1997, pp: 5) ، کە ئەمەش هێمایەکی هاوسەرگیریی بەسەروەری بووە بەپێی دابونەریتی کۆمەڵگاکەیان. لە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردییشدا چەندین هێمای هاوسەرگیریی بەسەروەری بوونیان هەیە.

### ١.١ گرنگیی توێژینەوەکە

لێکۆڵینەوە لە بواری مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسادا کاریگەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لە دید و هزری کۆمەڵگا لەبارەی یاسا و کولتوور و چۆنیەتیی ڕێکخستنی پێوەندییەکان لە کۆمەڵگادا لەژێر کاریگەریی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی. هەروەها توێژینەوە لەبارەی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا هاوکارە بۆ بەرچاوڕوونی لەبارەی پاشخانی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا لەبارەی هەندێ بابەتی سەرەکی کە هاوسەرگیری یەکێکیانە. گرنگیی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕوو و ڕوونکردنەوەی پێگەی دابونەریت لە کۆمەڵگای کوردیدا لەبارەی هاوسەرگیری و بە دیاریکراوی ڕۆڵی دابونەریت وەک سەرچاوەیەکی یاسا سەبارەت بە ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان ژن و مێرد، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە لە کۆمەڵگایەک باوکسالاری بنەمای هزری پێکهێنانی خێزان بێت.

### ١.٢ ئامانجەکانی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە کارکردنە بۆ ناساندنی سروشتی پێوەندیی نێوان ژن و مێرد لە ڕوانگەی ئەو دابونەریتانەی کە جێبەجێ کراون لە هاوسەرگیریدا، لە سەردەمی ساڵانی شەستەکان، لە ژمارەیک لە گوندەکانی هەرێمی کوردستان. ئێمە لە ڕوانگەی مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسادا دەمانەوێت لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخی پێگەی

دابونەریت بخەینە ڕوو کە سەرچاوەیەکی گرنگی یاسایە لەبارەی هاوسەرگیری لەژێر کاریگەریی دۆخی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە کۆمەڵگادا.

### ١.٣ پرسیاری توێژینەوەکە

ئەرکی سەرەکیی یاسا بە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا پێناسە دەکرێت. دابونەریت کە بە یەکێک لە کۆنترین سەرچاوەکانی یاسا دادەنرێت، لەژێر کاریگەریی کولتووریی کۆمەڵگا، بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەی یاسا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە لێکۆڵینەوە لە دابونەریتی پەیڕەوکراو لەبارەی هاوسەرگیری وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە ئایا هاوسەرگیریی بەسەرەوەری لە سەردەمی ساڵانی شەستەکان لەنێو کۆمەڵگای گوندەکانی کوردستاندا بوونی هەبووە؟

### ١.٤ میتۆد و چوارچێوەی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە میتۆدی شیکاری و لەبەر ئەوەی کە دابونەریت یاسایەکی نەنووسراوە، هەر بۆیەش میتۆدی مەیدانیش میتۆدێکی سەرەکی دەبێت لە بەئامانجگەیشتنی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگای کاری مەیدانی و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن سەبارەت بە بابەتی هاوسەرگیریی بەسەرەوەری لەگەڵ خەڵکی بەتەمەنی ژمارەیەک لە گوندەکانی هەر یەک لە دەڤەرەکانی زێبار و بارزان و سورچی و باڵەکی لە قەزای سۆران و دەڤەری دەشتەزێ لە قەزای ئامێدی. ئەم توێژینەوە لە ڕێگای میتودە بەکارهاتووەکان ڕوونکردنەوەی پێویست دەدات لەبارەی دابونەریتی هاوسەرگیری لە ژیانی کۆمەڵایەتیی گوندەکاندا.

### ١.٥ پێکهاتەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا پێشەکییەکی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوەکەمان باس کراوە. بەشی دووەم تەرخان کراوە بە سروشت و تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیریی بەسەرەوەری لە ڕووی یاساییەوە. بەشی سێیەم هێماکانی هاوسەرگیریی بەسەرەوەری لە ناوەڕۆکی ڕێوڕەسمەکانی مەراسیمی هاوسەرگیریی ژمارەیەک لە گوندەکانی کوردستان دەخاتە ڕوو. بەشی چوارەمیش دەرەنجامەکانی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت.

## ٢. سروشت و تایبەتمەندییەکانی هاوسەرگیریی بەسەرەوەری

هاوسەرگیری لەپێناو ژیانی هاوبەشی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە یەکێک لە گرنگترین دیاردەکانی کۆمەڵگا دادەنرێت چونکە دەرەنجامی ئەم ژیانە هاوبەشە پێکهێنانی خێزانە کە بە یەکەمین یەکەی بنیادی کۆمەڵایەتی دادەنرێت. لەم ژیانە هاوبەشەدا ژن و مێرد ئەرک و مافی خۆیان هەیە لەپێناو بەردەوامیدان بە ژیانی خێزانیی کە تیایدا دەستەبەری زۆربوونی ئەندامانی کۆمەڵگا دەکات، و لە هەمان کاتدا خێزان بە گرنگترین هێلانەی پەروەردەکردنی نەوەکانی ئایندە دادەنرێت. پێویستە تێبینیی ئەوەش بکرێت کە «لە ئاستی ئابووری، مەبەست لە هاوسەرگیری پێکهێنانی یەکەیەکی بەرهەمهێنانە بە تایبەت لە ناوەندی لادێیی، بەڵام لە هەمان کات وەک یەکەیەکی بەکاربردنیش سەیری دەکرێت. هەروەها هاوسەرگیری دەستەبەری ئەرکی گواستنەوەی کەلەپووری فیزیکی، ڕەوشتی و کولتووری لە کۆمەڵگا دەکات» (ابراهیم، ٢٠٢٠، ل:٢٠٢).

پسپۆڕانی مێژووی یاسا، هاوسەرگیری بە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی یاسا دادەنێن لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری دیاردەیەکی مرۆیی-کۆمەڵایەتییە کە هەر لە سەرەتای دەستپێکی ژیانی مرۆڤەکانەوە پێویستی بە ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ هەبووە. ڕۆڵی دایک و باوک و خزمان لە بڕیاردانی ژیانی هاوبەش لە کۆمەڵگاکانی نەریتی یاخود کۆمەڵگاکانی عەشیرەتی بە ڕادەیەک

گرنگ بووە کە لە هەندێ سەردەم تەنها باوک بووە کە بڕیاری کۆتایی داوە لەبارەی هاوسەرگیریی ئەندامانی خێزانی، بەتایبەت لە کۆمەڵگاکانی باوکسالاریدا.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، هاوسەرگیریی بەسەروەرییە کە پسپۆڕانی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ ئاماژەدان بەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ڕۆمای کۆن چونکە ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەپێی دابونەریت لەو سەردەمەدا ڕێکخرا بوو. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ئەوەیە کە باوکی خانەوادە بڕیاری کۆتایی دەدات لەبارەی هاوسەرگیریی کوڕەکەی یان کچەکەی، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە خودی هاوسەرگیریی بەسەروەری هەڵقوڵاوی سروشتیی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی خێزانە وەک یەکەیەکی بنیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاردا. جا لەو کۆمەڵگایانەی کە هاوسەرگیریی بەسەروەری هەبووە، پیاو لە خێزاندا لە پێگەی باوکی خانەوادە، دەسەڵاتی باڵای هەبووە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خێزان.

پسپۆڕی بواری یاساکانی ڕۆمانی (9-Docus Michèle) (cité in Latina, 1997, pp: 5) دەنووسێت کە لە دیدی یاساناسانەوە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سروشتیی هاوسەرگیریی بەسەروەری لە سەردەمی ڕۆمای کۆن دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێگەی ژن و سامانەکەی لە ژیانی هاوبەشدا. ژن سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی نەبووە لە دیاریکردنی هاوسەری، بەتەواوی دەچوویە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای هاوسەرەکەی و هەموو ئەو سامانەی کە باوکی پێدەدات لە کاتی هاوسەرگیریکردن و هەروەها ئەو سامانەی کە دەستی دەکەوت لە ژیانی هاوبەشدا، تێکەڵ بە سامانی هاوسەرەکەی دەکرا، و مێردەکەی بە شێوەی ڕەها دەیتوانی بڕیار لەبارەی سامانی ژنەکەی بدات. پسپۆڕانی یاسا لە سەردەمی ڕۆمای کۆن، بۆ دەربڕینی هاوسەرگیریی بەسەروەری لە نووسینەکانیان، دەستەواژەی لاتینیی (conuenire in manum )-یان بەکار هێناوە کە واتای ‹بەیەکگەیشتنی دەستەکان› دەدات و ئاماژە بووە بەوەی کە کچێک دەستەکانی لەناو دەستی کوڕێک دادەنێت و دەچێتە ژێر دەسەڵاتی پیاوەکەی؛ بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخدا، پسپۆڕانی یاسای ڕۆمانی بۆ گوزارشتکردن لە هاوسەرگیریی بەسەروەری، دەستەواژەی لاتینیی (cum manu) بەکار دەهێنن کە واتای ‹بە ڕێگای دەست› دەدات.

جا چەمکی هاوسەرگیریی بەسەروەری بەپێی دابونەریتی ڕۆمای کۆن ئەو هاوسەرگیرییە بووە کە تەنها بە ڕەزامەندیی باوکی کوڕ و کچ ئەنجام دەدرا؛ و کوڕ و کچ مافیان نەبووە بڕیار لەبارەی هاوسەرگیرییان بدەن و هەروەها پیاو دەبووە خاوەنی سامانی هاوسەرەکەی (الترمانینی،١٩٨٢،ص:٣٣١). و ژن بە شێوەی ڕەها دەچوویە ژێر دەسەڵاتی پیاوەکەی؛ و پێگەی ژن بە یەکێک لە ئەندامانی خانەوادە وێنا کراوە هاوشێوەی منداڵان (العبودی،٢٠٠٧، ص:١٤٤).

لێرەدا پێویستە بگووترێت کە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد لەبارەی سروشتی هاوسەرگیریی بەسەروەری، هەروەک ئاماژەمان پێ دا دەرەنجامی ژیانی کۆمەڵگایەکی باوکسالاری بووە. چەمکی باوکسالاری (Patriarcat) لە دیدی ئەنترۆپۆلۆژیستەکان بەم شێوەیە دەبینرێت کە سیستەمێکی سیاسی- یاساییە و تیایدا هەموو دەسەڵات و مافە جیایەکان لەنێو خێزاندا دەبوایە ببەسترێتەوە بە خزمایەتی لە نەسەبی باوکەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەرک و مافەکان لەژێر هەژموونی پیاوێک بێت کە بە گەورەی خێزان دادەنرێت یاخود هەمان بنیادنەری خانەوادە (پانوف و پرن، ١٣٨٢،ص:٢٣٢). جا لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاردا کە تەواو پابەندە بە دەسەڵاتی پیاو لەنێو خێزاندا، ژن بەپێی دابونەریت دەبوایە ملکەچی بڕیارەکانی

مێردەکەی بێت. ئەم پێگەیەی ژن لە سەردەمی ڕۆمای کۆن، بەپێی دابونەریت لە هاوسەرگیریی بەسەروەری گوزارشت کراوە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتیی بیرکردنەوەی پیاو لەبارەی ژن لە ڕۆمای کۆن؛ ئەمەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە کاتێ مێژوونووسی ناوداری سەردەمی ڕۆمای کۆن (9-Titus Livius) (cité in Latina, 1997, pp: 5) دەنووسێت کە لەنێو کۆمەڵگای ڕۆما «باب و باپیرانی ئێمە دەیانویست کە ژن لەژێر دەستی باوکی یان برای یان هاوسەری بێت».

لە کۆمەڵگای کوردییشدا، تا سەردەمی ساڵانی شەستەکان بیرکردنەوە لەبارەی ژن بە هەمان شێوەی کۆمەڵگای باوکسالاری ڕۆمای کۆن بووە چونکە لە کاتی بڕیاردان بۆ هاوسەرگیری کوڕ یان کچ نەیدەتوانی بە پێچەوانەی باوکی ڕای خۆ دەربڕێت، و ئەم بارودۆخەی کچ تا ئەو ڕادەیە ئاسایی بووە کە ملکەچنەبوونی کچ بۆ ڕای باوک بە دژایەتیی دابونەریت دادەنرا. هەروەها لە کاتی هاوسەرگیریکردندا، کچ بەتەواوی دەچوویە ژێر دەسەڵاتی پیاوەکەی و لە بوارە جیاجیاکانی ژیان، چ ئابووری یان پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەرەکەی بڕیاری داوە. هەروەها بە هەمان شێوەی سەردەمی ڕۆمای کۆن کە باوکی خێزان دەسەڵاتەکی ڕەها هەبووە و خاوەنی هەموو سامانی خانەوادەکەی بووە؛ ئەوا لە کۆمەڵگای کوردییشدا باوکی خانەوادە ئەم پێگەیەی هەبووە بەتایبەت لە گوندەکان. دەتوانین ئەم پێگەیەی باوکی خانەوادە لەنێو کورددا لە دەستەواژەی ‹ماڵخۆی ماڵێ› ببینرێت کە بەکار دێت بۆ باوکی خانەوادە لە دەڤەری بادینان، و بە مانای ئەو کەسەی خاوەنی خانەوادە و خاوەنی هەموو شتێکی خانەوادەیە دێت. جا لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاردا، باوکی خانەوادە یان هەمان ماڵخۆی ماڵێ» دەسەڵاتی پیاوی خاوەنژن (Puissance Marital ) بەسەر ژنەکەی و دەسەڵاتی باوکانە (Puissance Paternelle ) بەسەر منداڵەکانی جێبەجێ دەکات» (Capitant, 1992, p:.217).

ئەوەی لەم بەشەی توێژینەوەدا مەبەستمانە، ڕوونکردنەوەی کاریگەریی کولتووری باوکسالارییە لەسەر سروشتی هاوسەرگیری لەنێو کۆمەڵگای گوند لە کوردستان کە پێمان وایە بە هەمان شێوەی سەردەمی ڕۆمای کۆن، لە گوندەکانی کوردستاندا پێگەی ژن چ لەپێش هاوسەرگیری و هەم دوای هاوسەرگیری بەتەواوی لەژێر سێبەری پیاودا بووە. جا ژن لەپێش هاوسەرگیری ملکەچی دەسەڵاتی باوکی بووە و لە دوای هاوسەرگیری پابەندی دەسەڵاتی پیاوەکەی بووە. ئەم ستاتووەی ژن لە میانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ژمارەیەک لە ریشسپییەکانی دەڤەرەی بارزان و دەڤەری زێبار بۆمان ڕوون بووەوە کاتێ سەبارەت بە دەسەڵات و ڕۆڵی باوکی خانەوادە بۆ ئێمە دووان. لەم بارەیەوە میکائیل حەسەن گووتی: باوک دەسەڵاتی تا ئەو ڕادەیە بەهێز بووە کە زوربەی جار کچ و کور بە دڵی خۆیان هاوسەرگیرییان نەکردووە، بەڵکوو ڕای باوک گرنگ بووە. باوک دەیتوانی بەپێی سیستەمی ژنبەژن، کچی خۆی بە شوو بدات بە کەسێک بۆ ئەوەی خۆی هاوسەرگیری بکات. هەروەها باوک پێوەندییەکانی خانەوادەی دیاری دەکرد بو ئەندامانی خانەوادە، ئەگەر باوک حەزی نەکردبایە پێوەندی هەبێت لەگەڵ خانەوادەیەک یان کەسێک لە گوند ئەوا ئەندامانی خانەوادە بڕیاری باوکیان جێبەجێ دەکرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ میکائیل حەسەن، ٢٠٢٤). محەمەدئەمین ڕەیان لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە باوک دەسەڵاتی باڵا بووە لە خانەوادە، هەموو کارەکان و بڕیارەکان لە دەست ئەو بووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدئەمین ڕەیان، ٢٠٢٣). ڕەشید ڕەیان هۆکاری دەسەڵاتی باوکی خانەوادە لە کۆمەڵگایەکی باوکسالاری بۆ ئێمەی بەجوانی وێنا کرد کاتێ کە گووتی «باوک پێویستە ڕێبەری خانەوادە بێت و چارەسەری کێشەکان بکات؛ و ڕۆڵی

ئافرەت زۆر لاواز بووە و کەم ڕاوێژی پێ کراوە«. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید ڕەیان، ٢٠٢٣).

لەم بارەیەوە خەدیجا باسۆ گووتی «جاران [مەبەستی ساڵانی شەستەکان] باوک سەرپەرشتیی هەموو کاروباری خانەوادەی کردووە و دەبوایە ژن و منداڵەکانی ملکەچی بڕیارەکانی بن. باوکی خانەوادە بڕیاری کوتایی دەدا لەبارەی شووکردنی کچەکانی، هەروەها بۆ ژنهێنانی کوڕەکانی»(چاوپێکەوتن لەگەڵ خەدیجا باسۆ، ٢٠٢٣). نووسەری «کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی» دەنووسێت کە باوکی خۆی بە سەرۆکی خێزان دەزانی، و هەر کاتێ خۆی پێی باش بێت بڕیار لە شووکردنی کچی و ژنهێنانی کوڕی دەدات (ئیبراهیمی، ٢٠٠١، ل: ٦٧).

ئێمە لە ناوەڕۆکی چاوپێکەوتنەکانماندا تێبینیمان کرد کە لە گوندی دێڵزیان لە عەشیرەتی باڵەکی، باوکی خانەوادە دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە لەبارەی هاوسەرگیریی منداڵەکانی؛ لەم باریەوە قاسم حوسێن گووتی: باوک بە سونبولی یەکڕیزیی خانەوادە سەیر کراوە و لەبارەی هاوسەرگیریی ئەندامانی خێزان، باوکی خانەوادە بڕیاری کوتایی داوە. تەنانەت ئەندامانی خانەوادە شەرمیان هەبووە بەرانبەر باوک، بەڵام سروشتی ئەم شەرمە ترس نەبووە بەڵکوو گوزارشت بووە بۆ نەریتی ڕێزگرتنی منداڵان لە باوک و ئەم نەریتە هەڵقوڵاوی کولتووری باوکسالاری بووە، لەبەر ئەوەی ئەم شەرمەی منداڵان لە باوکیان نیشانەی ڕێزگرتن بووە لە پایە و مەقامی باوک کە بە سیمبولی زەحمەتکێشی و خەمخۆری و دەسەڵات دادەنرا. جا لە دیدی خەڵکی دێڵزیان دڵگرانی و شکانی کەسایەتیی باوک بە ڕووخانی شکۆی خانەوادە دادەنرا، بۆیەش ئەندامانی خانەوادە نەیاندەویست پێچەوانەی بڕیارەکانی باوکیان، ڕای خۆیان دەرببڕن (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤). مەعرووف کەریم قادرئاغا دێڵزیانی لەبارەی ژنهێنانی بە ئێمەی گووت کە باوکی زۆر پشتگیری کردووە بۆ هاوسەرگیری، و لەگەڵ ئەو کچە هاوسەرگیری کردووە کە باوکی پێشنیاری کردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەعرووف کەریم قادرئاغا، ٢٠٢٤).

سەبارەت بە دۆخی مافی خاوەندارێتیی ژن کە بە یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی سروشتی هاوسەرگیریی بەسەروەری دادەنرێت، ئەوەی جێگای سەرنجە بە هەمان شێوەی سەردەمی ڕۆمای کۆن کە ژن خاوەنی هیچ سامانێک نەبووە و هەموو سامانی ژن دەبووە بەشێک لە سامانی پیاوەکەی تەنانەت مارەییەکەی (Agresti, 2015, p:57)، ئەوا لە گوندەکانی کوردستانیش ژن مافی خاوەندارێتیی سامانی گواستراو و نەگواستراو نەبووە لە ژیانی هاوبەشیدا. ئێمە تێبینیمان کردووە کە لە کۆمەڵگای گوندیی کوردستاندا، کاتێ کچ شووی دەکرد، هەموو ئەو سامانەی کە پێی دەدرا لە لایەن ماڵی باوکی کە زۆربەی جار کەلوپەلی ناو ماڵ و چەند سەر مەڕومالات بووە، تێکەڵ بە سامانی مێردەکەی دەبوو و ئیتر ژن خاوەندارێتیی نەدەکرد و هەر بڕیارێک لەبارەی سامانەکەی وەکوو فرۆشتن یان گۆڕینەوە، لە لایەن پیاوەکەی دەدرا. لەم بارەیەوە زولفی ئیبراهیم کە خەڵکی دەڤەری بارزانە گووتی: لەنێو خێزاندا بەپێی دابونەریت مێرد مافی بەسەر سامانی ژنەکەی هەبووە، لە زەویی کشتوکاڵییەوە بیگرە تا دەگاتە دیارییەکی سادە (چاوپێکەوتن لەگەڵ زولفی ئیبراهیم، ٢٠٢٤). هەروەها ڕەنگین عەلی لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژەی بەوە دا کە: پیاو دەبووە خاوەنی هەموو ئەموالی خێزان، هەروەها خاوەندارێتیی ئەو خشڵ و زێڕانەی دەکرد کە بە ناونیشانی مارەیی دەدرا بە ژن (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەنگین عەلی،٢٠٢٣). ئەم دەسەڵاتەی مێرد یان هەمان باوکی خانەوادە کە هەڵقوڵاوی کولتووری باوکسالاری بووە، ئێکجار ڕەها بووە و تێکەڵ بە دابونەریت بووە، بۆ نموونە لەنێو بارزانییەکان مێرد خاوەن و بەڕێوەبەری هەموو سامانی گواستراو (منقول) و نەگواستراو (غیرمنقول)ی خانەوادە بوو و سەرپەرشتیی هەموو کارەکانیشی دەکرد. دەسەڵات

به دەست ئەو بووە، بە هەبوونی ئازادییەکی ڕەها لە بەکارهێنانی هەموو سامانی خانەوادە. باوک مافی کڕین و فرۆشتنی سامانی گواستراوە و نەگواستراوەی خانەوادەی هەبووە، مافی ئەوەشی هەبووە ئەو سامانە پێشکەش بە خەڵکی تر بکات. هەروەها هەموو داهاتی کشتوکاڵ و مەڕومالاتی ئەندامانی خانەوادە، دەبوایە بدرێتە دەست باوکی خانەوادە (ابراهیم،٢٠٢٠، ل: ١٧٥). هەر بە هەمان شێوە لەناو گوندەکانی دەڤەری زێبار و دەڤەری سورچی، بەپێی دابونەریت مێرد خاوەنی هەموو سامانی خێزان بووە و ژن بڕیاری بە دەستەوە نەبووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدئەمین ڕەیان و حەسەن زۆر، ٢٠٢٣).

سەبارەت بە پێوەندیی نێوان ژن و خانەوادەی باوکی، لە کۆمەڵگای باوکسالاری سەردەمی ڕۆمای کۆن بەپێی دابونەریت ژن پێیوەندیی نەدەما لەگەڵ ماڵی باوکی. (Docus Michèle) دەنووسێت کە ژن دەبێتە ئەندام لە خێزانی باوکی مێردەکەی و لە ڕووی ماف و ئەرکەوە بەتەواوی پێوەندییەکانی لەگەڵ خێزانی باوکی دەپچڕێت و ئیتر دەسەڵاتی باوک بەسەر کچەکەی نامێنێت، لەبەر ئەوەی بەپێی دابونەریت لە هاوسەرگیریی بەسەروەری ژن بەتەواوی دەبەسترێتەوە بە خێزانی پیاوەکەی و ملکەچی ئەو دەبێت لەپێناو ئەوەی لە ئاییندەدا ناونیشانی دایکی منداڵان وەربگرێت و هیچ مافێکی یاساییشی نەبوو لەبارەی میرات (Michèle cité in Latina, 1997, pp: 5-9). ئەم ستاتوویەی ژن بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگای کوردستاندا تێبینی کراوە. واسیلی نیکیتین کوردناسی بەناوبانگی ڕووسی دەنووسێت کە «بەپێی دابونەریت لەناو کوردەکان، ئەگەر کچ شووی کرد دەبێ ماڵاوایی لە ماڵی باوکی بکات» (نیکیتین، ١٩٩٨، ل: ٣٠٢). کچی کورد کە زۆربەی جار بەپێی سیستەمی هاوسەرگیریی ناوخۆیی (Endogamy ) شووی بە کوڕانی خزم لەناو گوند کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندیی نێوان ژن و خانەوادەی باوکی لە ڕووی ماف و ئەرکی یاساییەوە پچڕاوە، بۆ نموونە لە ژیانی گوندییەکان ژن مافی میراتی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام ژن مافی میراتی هەیە (چاوپێکەوتن لەگەڵ زولفی ئیبراهیم، ٢٠٢٤). ئەم دۆخەی ژن دەتوانێت لە قسەیەکی نەستەقی دەڤەرەکانی زێبار و سورچی و بارزان تێبینی بکرێت کاتێک دەڵێت: ‹کیژ ماڵی خەڵکییە› (چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرێ عومەر، ٢٠١٣) واتە: کچ ماڵی خەڵکە، لێرەدا وشەی ‹ماڵ› بە واتەی سامان دێت. جا بە تێبینیکردن لەم قسە نەستەقە بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی دوای شووکردن کچ ئیتر بەشە میراتی پێ نادرێت. پێویستە ئاماژە بدەین کە مەبەست لە نەمانی پێوەندیی نێوان ژن و خانەوادەی باوکی هەردوو بواری پێگەی یاسایی و بەرپرسیارێتیی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. هەر بۆیەش ژن مافی میراتی نییە، هەروەها مێرد بەرپرسیار دەبێت لە هەموو ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی ژن لەنێو کۆمەڵگادا بەڵام بابەتی هاوکاریی کۆمەڵایەتی لەنێوان ژن و خانەوادەی باوکی هەر دەمێنێتەوە، چونکە بەپێی دابونەریت و لەژێر کاریگەریی بنەمای خزمایەتی و ڕەوشت پێویست بووە کە خانەوادەی باوک هاوکاریی کچەکەیان بکەن لە حاڵەتی هەژاری و لێقەومان (چاوپێکەوتن لەگەڵ زەینەب عەلی، ٢٠٢٣).

پێگەی ژن لە خێزاندا، بەپێی سروشتی هاوسەرگیریی بەسەروەری هەمیشە نزمتر بووە لە مێرد، بەڵام ئەوەی جێگای تێبینییە لەبارەی پێگەی ژن، بریتیی بووە لەوەی کە لە ئاستی ئەندامەکانی خێزان دادەنرا هاوشێوەی ئاستی منداڵان. ئەم دۆخەی ژن بەتەواوی لە کاتی ئەحواڵپرسین لەنێو خەڵکی گوند، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ژن و منداڵەکان بە یەک وشە گوزارشت دەکران کە واتای منداڵان دەدات، بۆ نموونە لەنێو زێبارییەکان و بارزانییەکان (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد ئەمین ڕەیان و سورەیا حەسەن، ٢٠٢٣) کە پیاوێک لە

ئەحواڵی هاوسەر و منداڵەکانی پیاوێکی دیکە دەپرسێت دەڵێت «بچیکا چ حاڵە؟ « واتە منداڵەکان ئەحواڵیان چۆنە؟ کە مەبەستی ژن و منداڵەکانی ئەو پیاوەیە. هەروەها وشەی ‹ماڵ› کە گوزارشتە بە ژن و منداڵ لە کاتی ئەحواڵپرسین بەکار دەهێنرا لەنێو خەڵکی دەڤەری بارزان و زێبار و سورچی و گوندی دێلزییان (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشو محەمەد و عەتیا ڕەسوول قادر، ٢٠٢٤). ئەم ستاتووەی ژن لەنێو ڕۆمانەکانی سەردەمی کۆن بەڕوونی ئاماژەی پێ کراوە بە دەستەواژەی (loco filiae) کە واتای کچی ماڵەوە دەدات، و بەپێی ئەم دەستەواژەیە پێگەی ژن لە هەمان ڕیزی پێگەی کچەکانی دادەنرێت (9-Michèle cité in Latina, 1997, pp: 5).

## ٠٣. هێماکانی هاوسەرگیریی بەسەروەری لە مەراسیمی بووکگواستنەوە

لەو دابونەریتانەی کە پەیڕەو کراون لەنێو مەراسیمەکانی بووکگواستنەوە یان زەماوەند لە ژمارەیەک لە گوندەکانی کوردستان، چەندین ڕێوڕەسم جێبەجێ کراون کە ئاماژە بوون بۆ دەستپێکی قۆناغی دەسەڵاتی زاوا بەسەر بووک لە ژیانی هاوبەشدا کە ئەمەش لە چوارچێوەی تایبەتمەندیی هاوسەرگیریی بەسەروەری دەبینرێت.

سەبارەت بە مەراسیمی بووکگواستنەوە و ڕێوڕەسمەکانی، پێویستە بگوترێت کە بەپێی دابونەریت «زەماوەند لە زۆر کۆنەوە [لەنێو هەموو گەلەکان] هەبووە و بەردەوامە، چونکە نەوە لەدوای نەوە ئەم دابونەریتە دەگوازرێتەوە. ئەم ڕێوڕەسمانە کۆمەڵێک ڕێکار و وردەکاریی سەرنجڕاکێشی تێدایە کە بنەما و بنچینەکانی لە کۆمەڵێک کولتوور و کۆمەڵەی ئێتنی دەدۆزرێنەوە. نەریتەکانی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پێک هاتبوو لە ئەنجامدانی ئامادەکاری بۆ مەراسیمەکان لەلایەن خانەوادەکانی باوکی هەردوو هاوسەری ئایندە، یاوەریکردنی بووک و پێشوازیلێکردن لەلایەن خانەوادەی باوکی کوڕ و سازکردنی ئاهەنگ و شاییی فۆلکلۆری» (ابراهیم، ٢٠٢، ل: ٢٢٩). مەراسیمی بووکگواستنەوە لەنێو گوندەکانی کوردستان ڕیشەی زۆر کۆنی هەیە لە مێژوودا، هەر بۆیەش لەو ڕێوڕەسمانەدا چەندین هێما هەن بۆ هەبوونی دابونەریتی هاوسەرگیریی بەسەروەری لە کۆمەڵگای کوردی.

لە سەردەمی ڕۆمای کۆن، هاوسەرگیریی بەسەروەری سێ جۆری هەبووە کە ئەمانەن: (USUS) کە واتای مافی بەکارهێنانی شتێک دەدات و (Coemptio) کە بە مانای من دەکڕم دێت و (Confarreatio) کە بە واتای بەشینەوەی نان دێت. تەنها هاوسەرگیری لە جۆرەکانی (Confarreatio , Coemptio) ڕێوڕەسمیان هەبووە، کە ڕەنگدانەوەی چینەکانی کۆمەڵگا و بەها کولتوورییەکانی ڕۆمای کۆن بوون. و بەپێی دابونەریت ئەو ڕێوڕەسمانەی پەیڕەو دەکران بە قووڵایی گوزارشت بوون بۆ هەردوو لایەنی کولتووری و یاسایی. ئەم دوو ڕێوڕەسمانە بەپێی پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵگا بەم شێوەیە بوون کە مەراسیمی (Confarreatio) تایبەت بوو بە چینی باڵا و دەسەڵاتدارەکان و مەراسیمی (Coemptio)-یش بۆ چینەکانی مامناوەند و هەژاران بووە. ئەو ڕێوڕەسمانەی کە لە هەردوو مەراسیمی (Confarreatio , Coemptio) جێبەجێ دەکران ئاماژە بوون بە ڕەوایەتیبەخشین بە دەسەڵاتی مێرد بەسەر هاوسەری. ناوەڕۆکی ڕێوڕەسمەکان جگە لەوەی بابەتی کولتووری بوون، لە دیدی ڕۆمانەکان ڕێکاری یاسایی بوون بۆ دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی ژن و مێرد (Minéraux, n.d). سەبارەت بە هاوسەرگیری لە جۆری (Usus) کە بۆ چینەکانی مامناوەند و هەژاران بووە، هەروەک لە سەرەوە ئاماژە پێ درا، مەراسیمی نەبووە لەبەر ئەوەی بەپێی دابونەریت لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا تەنها مەرجی نەهاتنەدیی هاوسەرگیریی بەسەروەری یاخود باڵادەستیی مێرد بەسەر ژن ئەوە بووە کە ژن لە ماوەی یەک ساڵدا سێ شەوی یەک لەدوای یەک لە

ماڵی هاوسەرەکەی نەمێنێت (Le glaive, 2013).

لە گوندەکانی کوردستان، بەپێی دابونەریت، دەستپێکی کاروباری ئامادەکاری بۆ مەراسیمی بووکگواستنەوە «مۆڵەتوەرگرتنی باوکی زاوا بووە لە باوکی بووک سەبارەت بە گواستنەوەی بووک» (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عەبدوڵلا، ٢٠٢٤). ئەمەش یەکەم ئاماژە بووە لە مەراسیمەکان بۆ هاوسەرگیریی بەسەرەوەری، بەپێی قسەکانی عارف مەلاعەلی  کە خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزانە، سەرچاوەی ئەم نەریتە هەم لایەنی ڕێزگرتن بووە لە باوکی بووک لە پێگەی بڕیاردەری خێزان کە دەسەڵاتی هەبووە بەسەر ئەندامانی خێزان و هەروەها ئاماژەیەک بووە بۆ گواستنەوەی بووک بۆ ژێر دەسەڵاتی هاوسەری ئاییندەی و ئەمەش نەدەکرا مەگەر دوای وەرگرتنی مۆڵەتی باوکی بووک نەبێت (چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف مەلاعەلی، ٢٠٢٣). تەنانەت بەپێی دابونەریت لە گوندەکان، کوڕ لە ماوەی نێوان مارەبڕین و بووکگواستنەوە، مافی ئەوەی نەبووە بچێتە سەردانی کچەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کچەکە هێشتا لەژێر دەسەڵاتی خانەوادەی باوکێتی و سەردانیکردنی کچ لەلایەن کوڕەکەوە لە دیدی خانەوادەی کچ ڕێزنەگرتن بووە بەرانبەر بە پێگەی خانەوادەکە لە کۆمەڵگادا. (چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەنگین عەلی، ٢٠٢٣).

بابەتی پێگەی خانەوادەی کچ و هەروەها پێگەی خانەوادەی کوڕ ئاماژەیە بۆ دەسەڵاتی باوکی خانەوادەکان کە ئەمەش بایەخی خۆی هەیە لە کۆمەڵگایەک کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای باوکسالاری دامەزراون. هەربۆیەش بۆ ڕێزگرتن لە پێگەی خانەوادەی کچ، بەپێی دابونەریت ڕۆژێک پێش گواستنەوەی بووک، ئافرەتێک لە خزمانی خانەوادەی کوڕ کە پێی دەگووترا ‹سەرسپی› دەبوایە بڕواتە ماڵی باوکی کچەکە بۆ هاوکاریکردنی بووک لە خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژی گواستنەوە. سورەیا حەسەن خەڵکی دەڤەری بارزان گووتی کە ناونیشانی سەرسپی بۆ ئافرەتێک بووە کە ئەزموونی هەبێت لە کاروباری بووکگواستنەوەدا. دەبوایە ڕۆژی پێش گواستنەوەی بووک، ئافرەتێکی خزمی زاوا بڕواتە ماڵی باوکی کچەکە، و هەر بە هەمان شێوەی ماڵی باوکی کوڕ و بە نیشانی ڕێزگرتن لە خانەوادەی کوڕ ئەوا ژنێک لە ماڵی باوکی کچ ئەویش بە ناونیشانی ‹سەرسپی› دەبوایە بەشداری لە ئامادەکردنی بووک بکات، جا هەردوو سەرسپی هاوکاری بووک بوون بۆ خۆشووشتن و پووشینی جلوبەرگی بووکێنی و خۆڕازاندنەوە (چاوپێکەوتن لەگەڵ سورەیا حەسەن،٢٠٢٣). هەروەها ئەم نەریتە پەیڕەو دەکرا لە دەڤەرەکانی دەشتەزێ، باڵەکی، زێبار، سورچی (چاوپێکەوتن لەگەڵ زەینەب عەلی و حەمدیا عەلی ئەحمەدخان و مریەم عومەر، ٢٠٢٣ و عەتیا ڕەسوول قادر، ٢٠٢٤).

نەریتی سەرسپی لە سەردەمی ڕۆمای کۆندا هەبووە کە لە ڕۆژی بووکگواستنەوە، ژنێک کە هاوسەرگیری کردووە و پێی دەگوترا ( Pronuba) واتە ژنێکی بەئەزموون؛ دەبوایە لەگەڵ بووک بێت بۆ ئەوەی ڕێنمایی ئەو بکات سەبارەت بە ڕێوڕەسمەکان. ئەو ژنە لە شەوی بووکێنی ئەرکی ئەوە بووە کە  بووک بگەیەنێتە ژووری بووک و زاوا و ئامۆژگاریی بووک بکات سەبارەت بە ژیانی هاوسەرێتی. سەبارەت بە (Pronuba) لە موزەخانەی ڤاتیکان تابلۆیەک هەیە کە تیایدا ژنێک ئامۆژگاریی بووک دەکات لە ژووری بووک و زاوایی (Riche, n.d.). بەپێی دابونەریتی ڕۆمای کۆن، ئەرکی ئەم ژنە تەنها ئامۆژگاریکردنی بووک نەبووە، بەڵکوو ئەرکی گەواهیدەری هەبووە لەبارەی کرداری جووتبوونی بووک و زاوا لە شەوی ئاهەنگی هاوسەرگیری (Minéraux, n.d.). ڕۆڵی گەواهیدەران هێمایەک بووە لە مەراسیمەکانی هاوسەرگیری (Confarreatio , Coemptio) کە بایەخی یاسایی هەبووە چونکە ئامادەبوونی ئەوان شایەتیدان بووە بۆ

پرۆسەی چوونی بووک بۆ ژێر دەسەڵاتی هاوسەری.
ژمارەی گەواهیدەران لە مەراسیمەکان جیاواز بووە بەپێی جۆری مەراسیمەکانی هاوسەرگیری. لە ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری ( Confarreatio) کە لەنێوان کوڕ و کچ لە چینی باڵا و کاربەدەستەکانی کۆمەڵگا ئەنجام دەدرا و ڕیوڕەسمێکی ئایینی بووە، دەبوایە دە شایەت ئامادە بن و لەگەڵ ئەوان (Pronuba) بەشداریی دەکرد، هەموو ئەمانە بەپێی دابونەریت پێویستە لەو ڕێوڕەسمەدا ئامادەبووان لەو کاتەی کە بووک دەستی ڕاستی لەناو دەستی ڕاستی زاوا دەنێت لە شێوەی دۆقە کە گوزارشت بووە لە دەستپێکی ژیانی هاوسەرێتی و چوونی بووک بۆ ژێر دەسەڵاتی زاوا (Minéraux, n.d.).
ئەم ڕێوڕەسمە بە سەرپەرشتیی پیاوێکی ئایینی لە پەرستگا ئەنجام دەدرا و ئەو ژنەی کە یاوەری بووکی دەکرد واتە (Pronuba) دەبوایە لەنێوان کوڕ و کچ بێت بۆ ئەوەی هاوکاریی کچ بکات (Le glaive, 2013). سەبارەت بە شایەتەکانی هاوسەرگیری لە مەراسیمی (Coemptio) ژمارەیان پێنج شاهید بووە. سروشتی ئەم مەراسیمە بە هەمان شێوەی مامەڵەی کڕینی شتێک بەڕێوە دەچوو، هەربۆیەش پێی دەگووترێت (Coemptio) کە لە زمانی لاتینی مانای ‹من دەکڕم› دەدات. جا زاوا لە مەراسیمەکەدا بە شێوەی سیمبولیک کچەکە دەکڕێت لە بەرانبەر پێدانی یەک دراوی زیو و یەک دراوی برونز بە باوک یان سەرپەرشتیاریی کچەکە، ئینجا باوک یان سەرپەرشتیاری کچەکە بە شێوەی زارەکی ڕەزامەندیی خۆی دەردەبڕی سەبارەت بە فرۆشتنەکە. پاشان زاوا بە شێوەی سیمبولیک ڕمەکی هەڵدەگرت و سەری پێشەوەی لەسەر قژی کچەکە دادەنا بە شێوەیەک کە قژی کچەکە بۆ دوو لای سەری بڵاوە بێت، ئەمەش هێما بووە بۆ یەکەمین جۆری هاوسەرگیری لە سەرەتای ڕۆمای کۆن کە لە ڕێگای توندوتیژی و بەکارهێنانی شمشێر ئەنجام دەدرا (Le glaive, 2013).

سەبارەت بە مەراسیمی بووکگواستنەوە لە کۆمەڵگای گوندیی کورددا، بەشدارینەکردنی خودی زاوا لە مەراسیمی گەیاندنی بووک بۆ ماڵی باوکی زاوا، هێمایەکی دیکەی هاوسەرگیریی بەسەروەری بووە لەنێو کورددا. بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجاممان داوە لە دەڤەرەکانی زێبار و بارزان و سورچی و باڵەکی و دەشتەزێ بۆمان دەرکەوتووە کە زاوا لە ڕۆژی گواستنەوەی بووک بەشدار نەبووە و خەریکی کارکردن بووە لە زەویی کشتوکاڵی یان خەریکی شوانێتی بووە. جا لە گوندی هەرەنێ لە دەڤەری زێبار جیاواز بووە بەوەی کە «زاوا مێوانی ماڵی برای یان خزمێکی بنەماڵەی باوکی بووە تا بووک دەگەیشتە ماڵی باوکی و ئینجا بەشداری لە مەراسیمەکەدا دەکرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدئەمین ڕەیان، ٢٠٢٣). هۆکاری ئەم بەشدارینەکردنەی زاوا پارێزگاریکردن بووە لە پێگەی خۆی وەک مێرد لە دەستپێکی ژیانی هاوبەش کە بریتی بووە لە باڵادەستیی پیاو بەسەر ژن. هەربۆیەش بەپێی دابونەریت، ڕێوڕەسمی گواستنەوەی بووک لە ڕۆژی دیاریکراودا بە سەرپەرشتیی پیاوێک بووە لە خێزان یان بنەماڵەی باوکی کوڕ کە پێی دەگووترا ‹برازاوا› و ئەرکی ئەو گەیاندنی بووک بووە بۆ ماڵی باوکی زاوا (ابراهیم، ٢٠٢٠، ل: ٢٣٥). کەسی برازاوا بەپێی سروشتی باوکسالاریی کۆمەڵگای گوند دەبوایە برای زاوا بێت، ئەگەرنا دەبوایە کوڕەمامی بێت یان کەسێک لە خزمانی بنەماڵەی زاوا چونکە ئەم مەرجە هێمایە بۆ پێگەی خێزان و بنەماڵەی باوکی زاوا و هەر بۆیەش دەبوایە کەسێک لە خزمانی نزیکی زاوا ئەم ئەرکە ئەنجام بدات» (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلیم هوستانی، ٢٠٢٤).
یەکەم ئەرکی برازاوا کە لەو قوناغەدا ڕەنگدانەوەی هەیە وەک یەکێک لە ئاماژەکانی هاوسەرگیریی بەسەروەری بریتی بووە لەوەی کە دوای ئەوەی بووک جلوبەرگی دەپۆشی، برازاوا دەبوایە پژدێنێکی باریکی سوور کە بە ئەندازەی

بالای بووک بێت لە کەمەری بووکەکە ببەستێت. لە گوندەکانی دەڤەری زێبار و بارزان و سورچی و دەشتەزێ کاتی بەستنی پژدێن سێ جار گرێی لێ دەدرا. ئەم پژدێنە کە ڕەمزی کچێنییە (Le Monde, 2017) یاخود بە واتایەکی وردتر هێمای پاکی و خۆپارێزیی کچە، لە شەوی بووکێنی لە لایەن زاوا دەکرایەوە کە ئاماژەیە بۆ مافی زاوا وەک هاوسەری بووک و هەروەها گوزارشتە بۆ مافی ژن و مێرد بۆ کرداری جووتبوون. هەر بە هەمان شێوەی کۆمەڵگای کوردی، لە سەردەمی ڕۆمای کۆن، ئەم نەریتەی گرێی پژدێنی بووک لەنێو ڕێوڕەسمەکانی گواستنەوەی بووک هەبووە، گرێی پژدێنیی بووک لە ڕۆمای کۆن سیمبولی خۆپارێزی و منداڵدانی کچ بووە و بەپێی دابونەریت تەنها زاوا مافی هەبووە کە ئەم گرێیە بکاتەوە و ئەم مافە ئاماژە بووە بە دەستپێکی ژیانی هاوسەرێیەتی (Minéraux, n.d).

پاش بەستنی پژدێنی سوور، بەپێی دابونەریت بووک لە لایەن سەرسپییەکان بە تارایەک دادەپۆشرا تا نزیک کەمەری لە پێشەوە و پاشەوە، ئەم تارایە لە دەڤەرەکانی زێبار و بارزان و سورچی و دەشتەزێ پێی دەگووترێت ‹ئەڤرییێ بووکێ› و لە دەڤەری باڵەکی پێی دەگوترێت ‹ئەوری بووکی›. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم تارایە هەڵقوڵاوە لە کولتووری کۆمەڵایەتیی کورد، ئەمەش لە ئاخاوتنەکانی دۆر عەلی ناڤداری بۆ ئێمە ڕوون دەبێتەوە کاتێ گووتی: وشەی ‹ئەڤر› کە مانای «هەور» دەدات ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی تارا بۆ داپۆشینی بووک لە دیدی خەڵک و لێکچواندنە لەنێوان ئەرکی ئەڤرییێ بووکێ بۆ داپۆشینی بووک و هەور کە هەتاو دادەپۆشێت. تارای بووک یان ئەڤرییێ بووکێ ڕەنگی زەردە و بە وێنەی گوڵی سوور و گوڵی ڕەش نەخشێنراوە، ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی بووک بووە لە دیدی چاوی پیس و حەسوود (چاوپێکەوتنی د.حبیب لەگەڵ دۆر عەلی وەرگیراوە لە: ابراهیم، ٢٠٢٠، ل:٢٣٦).

هەروەها عەتیا خەڵکی گوندی دێڵزیان گووتی کە ئەوری بووک پیرۆزیی خۆی هەبووە لەناو گوندییەکان لەبەر ئەوەی بە پەردەیەک وێنا دەکرا لەنێوان ئەو و خەڵک کە نەیدەهێشت کەس بووکی ببینێت تا دەگاتە ماڵی خەزووری و زاوا یەکەم کەس بوو کە بووکی دەبینی (چاوپێکەوتن لەگەڵ عەتیا ڕەسوول قادر، ٢٠٢٤). لەم بارەوە حەمدیا عەلی خەڵکی دەڤەری دەشتەزێ، بە هەمان شێوەی عەتیا ڕەسول قادر گووتی: بەپێی نەریت تەنها زاوا بۆی هەبووە تارای سەر بووک هەڵگرێت و یەکەم کەس ئەو بووکی دەدیت دوای گەیشتنی بۆ ناو ماڵی باوکی زاوا، و دوای هەڵگرتنی تارای بووک زاوا دەستی ڕاستی لەسەر سەری بووک دادەنا کە نیشان بووە بە دەسەڵاتی زاوا بەسەر بووک (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمدیا عەلی ئەحمەدخان،٢٠٢٣). پێویستە تێبینیی ئەوەش بکرێت کە بەکارهێنانی تارای بووک لە سەردەمی ڕۆمای کۆنیشدا هەبووە. ئەم تارایە کە خەڵکی ڕۆما پێیان دەگووت (Flammeum)، ڕەنگی سوور یان پەمەیی بووە و هێمایەک بووە بۆ پاکی و حەیاداریی بووک، و هەروەها هێمای پەردەیەک بووە بۆ پاریزگاریکردنی بووک لە هەست و ویستی ڕۆحیی خرابکاران (Minéraux, n.d).

ئێمە پێمان وایە کە ئامانج لە بەکارهێنانی تارای بووک لە هزری خەڵکی گوندەکاندا ڕێزگرتن بووە لە ژیانی هاوسەرێتیی ژن و مێرد هەر بۆیەش دوای داپۆشینی بووک، تەنها زاوا مافی هەڵدانەوەی تارای هەبووە تا وەکوو بووک ببینێت لەبەر ئەوەی ئاماژە بووە بەوەی کە جۆرێک لە خاوەندارێتیی زاوا دەبینرا بەرانبەر بە کەسایەتیی بووک. ئەمەش هۆکارە کە هەڵدانەوەی تارا لە لایەن زاوا لە شێوەی ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەچوو لەبەر ئەوەش هەموو ژنانی خزمی زاوا لەو کاتەدا خۆشییان دەردەبڕی.

ئەرکێکی دیکەی برازاوا کە هێمایەکی بایەخدار بووە، ئەویش ئەوە بوو کە بەپێی دابونەریتی گوندەکانی دەڤەری زێبار و سورچی و بارزان و

دەشتەزێ، پێش خواحافیزیی بووک و هاتنەدەرەوەی لەماڵی باوکی، بە نیشانی ڕۆیشتنی بووک، برازاوا دەستی بووکی دەگرت و بە وتنی «بسم الله» سێ جار بووک هەڵدەستێنرا و دادەنیشتێنرا، ئینجا بووک ماڵی باوکی بەجێ دەهێشت (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەدئەمین ڕەیان و حەسەن زۆر و عارف مەلاعەلی و یونس سەدیق نەعمەت، ٢٠٢٣). بەپێی زانیاریی چاوپێکەوتنەکانمان، ئەمەش وەک ئاماژەیەکی ڕەمزدار بووە بۆ بووک کە ماڵی باوکی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە ماڵی مێردی. هەروەک مەجید عەلی گوتی: کارێکی لە هەمان شێوە هەیە دوای مردنی کەسێک کە لە ماڵی خۆی لەسەر پشت درێژ کراوە، جا پێش بردنی تەرمی مردوو لە ماڵەوەی بۆ مەراسیمی ناشتنی، سێ جار تەرمەکە دادەنێن و بەرزی دەکەنەوە، ئەمەش وەک ڕەمزێکە بۆ کۆتاییی ژیان لەم جیهانە و چوون بۆ ژیانی پاش مردن (چاوپێکەوتنی د.حبیب لەگەڵ مەجید عەلی وەرگیراوە لە: ابراهیم، ٢٠٢٠، ل:٢٣٧). هەر بە هەمان شێوە ئەم نەریتە لە گوندی دێڵزیان هەبووە و مەعروف کەریم لە ئاخاوتنەکانی هەمان بیروبۆچوونی مەجید عەلی هەبوو (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەعروف کەریم قادرئاغا، ٢٠٢٤). ئێمە پێمان وایە کە بەپێی سروشتی باوکسالاریی کۆمەڵگای کوردی ئەم کارەی برازاوا نیشانەی ڕۆیشتنی بووک بووە لە ژیانی ژێر دەسەڵاتی باوک بۆ ژیانی ژێر دەسەڵاتی مێردی، و بە واتای وردتر ڕەمزێکە بۆ کۆتاییی دەسەڵاتی باوکی خانەوادەی کچ لەسەر کچەکەی. ئیتر دوای ئەم ڕێوڕەسمە بووک دەبوایە خواحافیزی بکات لە ماڵی باوکی.

لە چاوپێکەوتنەکانماندا نەریتێکی دیکەمان تێبینی کرد کە لە دەڤەرەکانی زێبار و بارزان تەنها دایک و خوشکەکان و خزمانی ژن ئامادە دەبوون لە ڕێوڕەسمی خواحافیزیی بووک؛ نە باوک و نە براکانی بووک بەشدار نەدەبوون لەم خواحافیزییەدا کە ئەمەش بە یەکێک لە هێماکانی هاوسەرگیریی بەسەروەری دادەنرێت چونکە باوک و براکانی بووک لەم ڕۆژەدا لەژێر کولتووری باوکسالاریی کۆمەڵگا هەستیان بە دڵگرانییەکی گەورە دەکرد بە چوونی ئەندامێکی خێزانیان بۆ ژێر دەسەڵاتی کەسێکی دیکە، لەبەر ئەوەی هەستیان دەکرد کە ئەندامێکی خێزانیان لێی کەم دەبێتەوە، ئەمەش گوزارشت بووە بەوەی کە لە پێگەیان کەم دەبێتەوە، هەربۆیەش خەمبار دەبن، و بەشدارییان لە مەراسیمی زەماوەند نەدەکرد.

دوای گەیشتنی بووک بۆ ماڵی باوکی زاوا، هەندێ ڕێوڕەسم هەبوونە لە گوندەکانی کوردستان کە گوزارشت بوونە بە باڵادەستیی زاوا بەسەر بووک هەر لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیدا. بۆ نموونە لە گوندی کەنوک لە دەڤەری سورچی کاتێ بووک دەگەیشتە ماڵی باوکی زاوا، ئەوا زاوا بۆ نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی، دەچوویە سەر دیواری ماڵی باوکی و بە دارێک زۆر بەهێواشی یەک جار لە سەری بووکی دەدا کە ئەمەش ئاماژەیەک بووە بەوەی کە بووک هاتە ژێر دەسەڵاتی زاوا (چاوپێکەوتن لەگەڵ مەولود مەم، ٢٠٢٣). هانسن، ئەنترۆپۆلۆگی دانیمارکی دەنووسێت کە لە مەراسیمی بووکگواستنەوەی لە گوندی توپزاوە نزیک دوکان، کاتی گەیشتنی بووک، زاوا دارێکی لە دەست بووە و لە سەری بووکی داوە. (هانسن، ١٩٨٣، ل:٢٩٥). ئەم نەریتە لە دەڤەری حەوزی بێتوین و پشدەریش هەبووە بەڵام بەو جیاوازییە کە سەری دارەکە بە گوڵ دەرازێنرایەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا غەریب پشدەری، ٢٠٢٣). ئەم نەریتە لە گوندی دێڵزیان لە دەڤەری باڵەکی بە جۆرێکی دیکە بووە بەڵام بە هەمان مەبەست؛ بەم شێوەیە کە دوو یان سێ لە پیاوانی خزمانی بنەماڵەی زاوا هەڵدەستان بە ڕاوەشاندنی خەنجەر بەسەر بووک؛ کە ئەمەش ئاماژە بووە بۆ ئەوەی کە بووک دەچێتە ژێر دەسەڵاتی زاوا (چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤).

## ٤. دەرەنجام

‹هاوسەرگیریی بەسەروەری› یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە بواری مێژووی یاسا و ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی توێژینەوە لە بارەیەوە دەکرێت. ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە بەوە ناسراوە کە لە پێوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد، پیاو باڵادەستە و بڕیاردەرە لەناو خێزاندا. هەروەها یەکەم جۆری هاوسەرگیری بووە لە سەردەمی حوکمڕانییەتیی ڕۆمای کۆن (٧٥٤ پ.ز-٥٠٩ پ.ز) کە سیستەمی هاوسەرگیری بەپێی دابونەریت ڕێک خراوە بە شێوەیەک کە لە مەراسیمەکانی هاوسەرگیریدا باڵادەستیی پیاو دەبوایە گوزارشت بکرێت.

لێرەدا پێویستە وەک دەرەنجام ئاماژە بدەین کە بە تێبینیکردن لە تایبەتمەندییەکانی سروشتی هاوسەرگیریی بەسەروەری لەبارەی باڵادەستیی پیاو و دۆخی پێگەی ژن کە دەبوایە ملکەچی مێردی بێت و بێبەشبوونی ژن لە مافی خاوەندارێتیی سامان لە ژیانی هاوبەشدا بە هەمان شێوەی سەردەمی ڕۆمانی کۆن ئەوا بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجاممان داوە بۆمان دەرکەوت کە هاوسەرگیریی بەسەروەری لە کۆمەڵگاکانی عەشیرەتی لە کوردستان هەبووە کە ئەمەش هەڵقوڵاوی کولتووری باوکسالاری بووە. هەربۆیش پیاو لە بەڕێوەبردنی ژیانی هاوبەشدا، لە پێگەی باوکی خێزان بڕیاردەرە لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هەموو ئەندامانی خێزان؛ و ژن بەپێی دابونەریت دەبوایە ملکەچی هاوسەری بێت. ئەم پێگەیەی باوکی خێزان لە گوندەکانی کوردستان بە دەستەواژەی «ماڵخۆی ماڵێ» گوزارشت دەکرێت کە مانای: «ئەو کەسەی خاوەنی خانەوادە و خاوەنی هەموو شتێکی خانەوادەیە» دەدات.

مەراسیمەکانی هاوسەرگیری لە گوندەکانی کوردستان کە گوزارشت بوون بۆ هەردوو لایەنی کولتووری و دابونەریت؛ تیایدا چەندین ڕێوڕەسم پەیڕەو دەکران کە گوزارشت بوونە بۆ هەبوونی هاوسەرگیریی بەسەروەری؛ و بەرجەستەکردنی باڵادەستیی زاوا بەسەر بووک لە دەستپێکی ژیانی هاوبەشدا؛ هەروەک بەشدارینەکردنی زاوا لە مەراسیمەکەدا تا ئەو کاتەی بووک دەگەیشتە ماڵی باوکی زاوا. هەربۆیەش ئەرکی گەیاندنی بووک تا ماڵی باوکی زاوا لە ئەستۆی ‹برازاوا› بووە کە کەسێک بووە لە خێزان یان بنەماڵەی زاوا و نوێنەرایەتیی پێگەی خێزانی باوکی زاوای دەکرد. جا ئەو ڕێوڕەسمانەی کە هێما بوون بۆ دەرچوونی بووک لەژێر دەسەڵاتی باوکی و دەبوایە لە ماڵی باوکی بووک ئەنجام بدرێن لە ئەستۆی برازاوا بوون، وەک گرێدانی پژدێنی سوور کە ڕەمزی پاکیزەیی و خۆپارێزیی بووک بووە، و تەنها زاوا مافی هەبوو ئەم پژدێنە بکاتەوە. هەر بە هەمان شێوە، پاش داپۆشینی سەروچاوی بووک تا نزیک کەمەرەکەی بە تارایەک؛ ئەوا تەنها زاوا مافی هەبووە بۆ هەڵدانەوەی ئەم تارایە و بینینی بووک پێش هەموو کەسێک. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆمان ڕوون بوویەوە کە گرنگترین هێمای هاوسەرگیریی بەسەروەری لەو کاتەدا بوویە کە برازاوا دەبوایە پێش ئەوەی بووک ماڵی باوکی بەجێ بهێڵێت ئەوا دەستی بووکی دەگرت و بە ناوی خوا سێ جاران بووک هەڵدەستێنرا و دادەنیشتێنرا؛ ئەم نەریتە لە هزری گوندییەکان سیمبولی دەرچوونی بووک بووە لەژێر دەسەڵاتی باوکی و دەستپێکی ژیان لەماڵێکی نوێ کە تیایدا لەژێر دەسەڵاتی مێردی دەبوو.

هەروەها هێمایەکی دیکەی هاوسەرگیریی بەسەروەری لەوەدا بووە کە بەپێی دابونەریتی هەندێک لە گوندەکان؛ ئەوا بە شێوەی ڕەمزی زاوا یان خزمانی زاوا ڕێوڕەسمی دارلێدان لە سەری بووکیان ئەنجام دەدا یان خزمانی زاوا خەنجەریان ڕادوەشاند لەسەر سەری بووک.

ئێمە لەم توێژینەوەیە بە نیشانی ڕاسپاردە، پێشنیاز دەکەین کە کاری مەیدانی لە بواری نووسینەوەی کولتووری خەڵکی کوردستان پەرە پێ بدرێت لە هەموو بوارەکانی زانستی مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی نەوەکانی ئایندە شارەزاییان هەبێت لە بەهاکانی کۆمەڵگاکەمان.

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**کتێبەکان:**

١- ئیبراهیم، د. حەبیب مستەفا، ٢٠٢٠، ڕۆڵی ڕێساکانی داب و نەریت لە ژیانی بارزانییەکان، توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی و مێژووی یاسایە، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٢- ئیبراهیم، د. حەبیب مستەفا، ٢٠٢٤، ڕۆڵی ئەنترۆپۆلۆژیای یاسایی لە بواری یاسادا، گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، هەولێر، کوردستان، عێراق.

٣- نیکیتین، واسیلی، ١٩٩٨، کورد و کوردستان، وەرگێڕانی خالیدی حیسامی (هێدی)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق.

٤- ئیبراهیمی، محەمەد ساڵح، ٢٠٠١، کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی، چاپی دووەم، چاپی مستەوفی، تاران.

٥- هانسن، هێنی هارۆڵد، ١٩٨٣، ژیانی ئافرەتی کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عێراق، بەغدا

**چاوپێکەوتنەکان:**

١. چاوپێکەوتن لەگەڵ پیرێ عومەر، خەڵکی گوندی پرێسە لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٣/١١/٨.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەسەن زۆر، خەڵکی گوندی ماوێلیا لە دەڤەری سۆرچی، بەرواری ٢٠٢٣/١١/١٠.

٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمدیا عەلی ئەحمەدخان، خەڵکی گوندی چەلکێ لە دەڤەری دەشتەزێ، بەرواری ٢٠٢٣/١٢/١٥.

٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ خەدیجا باسۆ، خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٣/٣/٢.

٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشو محەممەد، خەڵکی گوندی ئامادا لە دەڤەری سۆرچی، بەرواری ٢٠٢٤/٢/٢٣.

٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەشید ڕەیان، خەڵکی گوندی هەرەنێ لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٤.

٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەنگین عەلی، خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٣/١/٢٨.

٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ زولفی ئیبراهیم، خەڵکی گوندی دەربۆتک لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٤/١/٢٦.

٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ زەینەب عەلی، خەڵکی گوندی هەرەنێ لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٣.

١٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ سورەیا حەسەن، خەڵکی گوندی ئیسومەرا لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٣/١٢/٨.

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلیم محەممەد هۆستانی، خەڵکی گوندی هۆستان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٤/١/٨.

١٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ عارف مەلا عەلی، خەڵکی گوندی زۆرەگڤان لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٣/١٠/٢٧.

١٣. چاوپێکەوتن لەگەڵ عەتیا ڕەسووڵ قادر، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، ٢٠٢٤/٢/١٦.

١٤. چاوپێکەوتن لەگەڵ قاسم حوسێن عەبدوڵڵا، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، بەرواری ٢٠٢٤/٥/٢٣.

١٥. چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا غەریب پشدەری، خەڵکی دەڤەری پشدەر، بەرواری ٢٠٢٣/١٠/٢٦.

١٦. چاوپێکەوتن لەگەڵ محەممەدئەمین ڕەیان، خەڵکی گوندی هەرەنێ لە دەڤەری زێبار، بەرواری ٢٠٢٣/٢/٢.

١٧. چاوپێکەوتن لەگەڵ مریەم عومەر، خەڵکی گوندی ماوێلیا لە دەڤەری سۆرچی، بەرواری ٢٠٢٣/١١/١١.

١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ میکائیل حەسەن، خەڵکی گوندی دەربۆتک لە دەڤەری بارزان، بەرواری ٢٠٢٤/١/٢٧.

١٩. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەعروف کەریم قادرئاغا، خەڵکی گوندی دێلزیان لە دەڤەری باڵەکی، بەرواری ٢٠٢٤/٥/٢٤.

٢٠. چاوپێکەوتن لەگەڵ مەولود مەم، خەڵکی گوندی کەنوک لە دەڤەری سۆرچی، بەرواری ٢٠٢٣/١١/١٧.

٢١. چاوپێکەوتن لەگەڵ یونس سەدیق نەعمەت، خەڵکی گوندی چەلکێ لە دەڤەری دەشتەزێ، بەرواری ٢٠٢٣/١٢/١٦.

**دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی**

**کتێبەکان**

١- الترمانيني،عبدالسلام،١٩٨٢،الوسيط فی تاريخ القانون و النظم القانونية،جامعة الكويت، كويت.

٢- العبودي، عباس،٢٠٠٧، تاريخ القانون، المكتبة القانونية،بغداد.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی فارسی**

**کتێبەکان**

پانوف، میشل ،و پرن، میشل، ١٣٨٢، فرهنگ مردم شناسی (فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆژیا)؛ ترجمه دکتر اصغر عسکری خانقاه، انتشارات سمت، تهران،ایران.

**چوارەم : سەرچاوەکان بە زمانی فەرەنسی**

**کتێبەکان**

1- Agresti, Jean-Philippe,2015, Les régimes matrimoniaux en Provence à la fin de l'ancien Régime, Presses universitaires d'Aix-Marseille ; Aix-en-Provence, France.

2- Bonte, Pierre, et Izard, Michel,2004, Dictionnaire de l'ethnologie et de l'anthropologie, Quadrige / PUF, troisième Editions, Paris.

3- Cornu et association Henri Capitant, Gérard,1992, Vocabulaire juridique, 3e éd, Editions PUF, Paris.

4- Louis-Frédéric, Hoffmann,1892, Mœurs, usage et coutume des populations du vilayet de Van. In : Le Globe. Revue genevoise de géographie ; tome 31.

5- Michèle, Docus, 1997, La condition de la femme et le mariage à Rome (1er partie) :In : Vita Latina, N 147.

6- Nikitine, Basile,1956, Les Kurdes, Edition d'Aujourd'hui, Paris.

**وێب سایتەکان:**

1. Minéraux, France ) n. d.) <https://www.francemineraux.fr/mythologies/mythologie-romaine/rites-et-pratiques-religieuses-romains/rituel-du-mariage-confarreatio-coemptio-usus/>

2. Anthony, Riche )n. d.) <https://mediterranees.net/civilisation/Rich/Articles/Religion/Mariage/Pronuba.html >

3. L'Internaute )n. d.) < https://www.linternaute.fr/expression/langue-francaise/200/demander-la-main-de-quelqu-un/>

4. Le glaive, La Toge ET (132013/11/) <https://latogeetleglaive.blogspot.com/201311//le-mariage-dans-la-rome-antique-1ere.html>

5. Le Monde (112017/09/) <http://yollar.blog.lemonde.fr/200919/09//les-mariees-dhakkari/>



**ملخص :**

يتميز الزواج مع السيادة بهيمنة الزوج واتخاذ القرارات داخل الأسرة ضمن اطار العلاقة بين الزوج والزوجة. الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو عرض وشرح موقف العادات والتقاليد في المجتمع الكردي القديم من هذا النوع من الزواج، في مجتمع كانت فيه السلطة الأبوية هي أساس تكوين الأسرة. ولهذا الغرض عملت هذه الدراسة على التعريف طبيعة العلاقة بين الزوج والزوجة من حيث عادات وتقاليد عدد من قرى إقليم كوردستان، لمعرفة ما إذا كان الزواج مع السيادة موجودا في الستينيات من قرن الماضي في قرى كوردستان. يعتمد هذا البحث بشكل أساسي على المنهج التحليلي و المنهج الميداني. من خلال ملاحظة خصائص طبيعة الزواج مع السيادة من حيث سيطرة الرجال على الاسرة ووضع المرأة وحرمانها من حقوق التملك في الحياة الزوجية، وجدنا أن الزواج مع السيادة كان موجودا في المجتمعات القبلية في كوردستان، وهو نابع من الثقافة الأبوية في ذلك الوقت.



**الكلمات الرئيسية** : الزواج، الثقافة، السلطة، الحقوق، الطقوس.



Abstract:

Manus marriage is characterized by the dominance and decision-making of the husband in the relationship between husband and wife within the family. The main purpose of this study is to present and explain the position of customs and traditions in ancient Kurdish society regarding this type of marriage, in a society where patriarchy authority was the mental

basis of family formation. For this purpose, this study worked to introduce the nature of the relationship between husband and wife in terms of customs and traditions of a number of villages in the Kurdistan Region, to find out whether manus marriage existed in the 1960s in Kurdistan village society. This research mainly relies on analytical method, and field method. By observing the characteristics of the nature of Manus marriage in terms of male domination, the status of women and their deprivation of property rights in marriage, we found that Manus marriage existed in tribal societies in Kurdistan, which stemmed from patriarchal culture at that time.

Keywords : Marriage, Culture, Power ,Rights, Rituals.